# بیست و حەوت گێڕانەوە و بیست و شەش مەسڵەخ

## (خوێندنەوەی ڕۆمانی گابۆڕ)

**لەیلا سالحی**
**(بۆکان)**

ئەدەبی ئەورۆی گەلانی جیهان تژییە لەو شوێنەوارە ئەدەبی و دەقە هونەرییانەی کە زیاتر ڕەنگدانەوە و دەنگدانەوەی بەشێک لە مێژووی هاوچەرخی ئەو وڵاتانەن. لە لایەکی دیکەوە زۆر جاران بە تەواوی درم و خەسارە مێژووییەکانیان پێکاوە و ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەیان بۆ ڕووداوە مێژووییەکان بووە. هەڵبەت بە هۆی ئەوەی کە خودی مێژوو وەک زانست، ئەرکی دەربڕین، هەڵسەنگاندن، تاووتوکردنی ڕووداوەکان و شێوەی شوێندانانی ئەوان لە سەر ژیانی مرۆڤی لەسەر شانە و ئەو ئەرکەش بە پێی کرۆنۆلۆژی و لەسەر هێڵی کات، ڕادەپەڕێنێ، ناپەرژێتە سەر ژیانێکی خەیاڵی - (هەڵبەت جاری وایە نەک تەواو خەیاڵاوی) تێکەڵ بە مێژوو، - ئەوە لێرەدایە کە خولقاندنی کلێشەیەک بۆ گێڕانەوەی ژیانێکی فەنتازی تێکەڵ بە مێژوو، دەکەوێتە ئەستۆی ئەدەبیات و بە جۆرێک دەکرێ بگوترێ کە نووسەرانی ڕۆمان لە هەمبەر مێژوونووسدا سەر هەڵدەدەن و نەگوتراو و نەبیستراوی لابیرێنتە فەلسەفی و ڕەوانی و کۆمەڵایەتی، ...یەکانی مێژوو دەدۆزنەوە و دەینوێنن، کەوابوو ڕۆمانیش هەر وەک شیعر و باقی ژانرەکانی دیکەی ئەدەبیات، لە هەمبەر گێڕانەوەی ئەو بەشە لە ژیانی ڕاستەقینە و ڕابوردووی مرۆڤ، کە ڕەنگە قەت لە هەرێمی زانستی مێژوودا دەرنەکەوێ و نەبیسترێ، بەرپرسە و هەوڵ دەدا نەگوتراو و نەبیستراوەکانی مێژوو وێنا بکاتەوە و داهێنەرانە، مێژوویەک دەرد و خۆڕاگری و شوناسی هەڵپرووکاو لە مێژووی ڕاستەقینە هەڵێنجێ و بیخولقێنێتەوە.

ئەفراندنی ڕۆمانێک کە پشت ئەستوور بە پانتاییەکی مێژوویی و ڕاستەقینەگەلێکی کۆمەڵایەتییە، بێ گومان پێکهێنانی دیسانەوەی تەکوزییەکی کۆمەڵایەتی زاڵیشە کە لەکاتی خۆیدا، وێنای ڕوخساری کۆمەڵگا بووە و ئەو تەکوزییەش بە قەوارە و تایبەتمەندی خۆیەوە، وێڕای مێژوو، گێڕانەوەیەکی دیکە لە ژیان و هەڵسوکەوتی دۆخێکی تایبەت لە زەمانە کە ڕۆمان لێی دەکۆڵێتەوە و ناهێڵێ بفەوتێ.

ڕۆمانی گابۆڕ لە چاخێکی دیاری زەمانی و لە جوگرافیایەکی ناسراودا، زنجیرە ڕووداوێک لە پانتایی گێڕانەوەدا دەخاتە بەردەست خوێنەرانی ئەو بوارەی ئەدەبیاتی کوردی، کە بەردەنگ وەبیر مێژوویەکی نەهێندە دوور دەخاتەوە و جگە لە هەست کردن بە ڕووداوەکان و کەشوهەوای ساردی ئەو سەردەمە، لە بیچمێکی تردا، ڕوحی کۆمەڵایەتی-مێژوویی لێک هەڵوەشاو و ئاڵۆز و چەوساوەی ئەو ساتانە لە

چوارچێوەی وردی گێڕانەوەکانەوە خۆیا دەکا و دەیان نەخشێنێ. ڕوحێکی هەڵپڕووکاو کە ڕەنگە هەر پێشینە و مێژینەی ئەو ڕوحەیش بۆ سەردەمانی پێش ئەو دەقە، تەنانەت چاخەکانی دوورتریش بگەڕێتەوە و پەل بهاوێتە کەشی کۆمەڵایەتی و سیاسی سەدەکانی پێشووشەوە.

ڕاستییەکانی نێوئاخنی ڕۆمانی گابۆڕ، وەک بینای پازگای سەربازی، یاساخە کۆمەڵایەتییەکان، یاساخە ئەدەبی و تەنانەت یاساخە بیناسازییەکان، دەستدرێژی بۆ سەر ژیانی تاک و گەمارۆدان و خستنە تەنگانەی کەمینە ئایینییەکان، هەوڵدان بۆ دەرخستن و نواندن و گەشەکردنی شوناس و وێناکردنی لەمپەرە دژەکان، ڕاستەقینە نەشیاوەکانی ژیانی پیاوسالاری و نووسینی دروشمی نارەزایەتی و بەرهەڵستکارانە و... تاد؟ هەمموو دەتوانن پێناسەی بیچمێک لە کات بن کە نووسەر بۆ گێڕانەوە هەڵیبژاردوون و بە دەستنیشان کردنیان بۆ ڕەوایەتی لەبار و سەرنجڕاکێش، خوێنەر دەباتە ناو کات و هەم زۆر نەبیستراوی مێژووی بە گوێدا دەچرپێنێ کە بە هەر هۆکارێک تا ئێستا نە دەرفەتی گێڕانەوەی ئاساییان بۆ ڕەخساوە و نە لە دەقە هونەری و ئەدەبییەکاندا ئاوڕی زۆریان لێ دراوەتەوە؛ هەم زۆر دیمەن و دیاردەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری لە بیرکراوی مێژووی لە بەرژەوەندی چاواندا بۆ دێنێتە سەر تەختی شانۆی دەق.

گابۆڕ سەرەڕای چێژی گێڕانەوە و تەکنیک و لۆژیکی وتووێژ و شێوازی گێڕانەوە، شێوەیەک لە تێگەیشتن لە شوناسی نەتەوەیی دەنوێنێ کە لە کاتە یاساخەکاندا، وێڕای هەمموو لەمپەرەکان، گەشە دەکا و هەوڵی بۆ دەدرێ و کەسایەتییەکانی ڕۆمان، جا چ عەبدولموتەللیب بێ، یان کەریم، چ سولەیمانی کتێبفرۆش بێ، یان هێزی سۆزدارانەی دایک و باوکی کەریم بۆ نیشاندانی چوارچێوەی بەتاڵی قاپی وێنەی جەمال، ئەوانە هەر یەکەو بە پێی دەستەڵاتێک کە نووسەر پێیان دەبەخشێ هەوڵی بۆ دەدەن و زۆر جاران ڕەنگە ڕادەی توانایی هێزی سۆزدارانەی چوارچێوەی بەتاڵی وێنەیەک، لە تێگەیشتنی بەردەنگ و بە هەڵسەنگاندنی خوێنەری وریا بەو سەربوردانە، زۆر قورستر و بەرینتر بێ لەو ئامرازانەی کە نووسەر بە تایبەت و بە نامێ، هەوڵی بۆ داون تا شوناسبەخش بن.

وێدەچێ پێداویستی تێڕامان لە مرۆڤی کورد بە هەمموو بیچم و تایبەتمەندی و خواست و دەردەکانی ئەو لە چاخێکی مێژووییدا، هێزی سەرەکی گێڕانەوە بێت و هەر ئەو جۆرەی کە کۆندێرا دەڵێ: "ناسین تەنیا ڕیسالەتی ئاکاریی ڕۆمانە"(کوندێرا: ١٣٩٤) و بە پێی ئەوەش ناسینێک کە لە ئاستە جۆراوجۆرەکانی کاتدا لە ناخی مرۆڤەوە هەڵقوڵابێ، وێڕای جۆرەکانی تر لە ناسین پێوبستە و گابۆڕیش وەک زۆر ڕۆمانی تر، هەرێمێکی چێکراو لە ڕاستەقینە و خەیاڵە بۆ پشکنین و تاووتوکردنی لایەنەکانی بوونی مرۆڤی کورد. وێڕای ئەوەش هەوڵ دەدا ئەگەر و چۆنیەتی ژیاندنی خودێکی ئیفلیج کراو و نەبەگە لە دۆخێکی ئەستەمدا، ئەویش بەرەو ئاسۆگەکانی گەشە و سەرکەوتن بئافرێنێ.

## گێڕانەوە

لە ڕۆمانی گابۆڕدا، بەردەنگ لەگەڵ دوو چیرۆک ڕووبەڕوو دەبێتەوە کە چیرۆکی یەکەم هەر لە لاپەڕەی سەرەتای ڕۆمانەکەوە دەست پێ دەکا و لە لایەن بیست و حەوت(*) بگێڕەوەوە، جاری وایە بە شێوەی ڕاستەوخۆ (کوتی، کوتم، کوتت) و جاری وایشە بە شێوەی ناڕاستەوخۆ (دەیکوت، کوتی کوتم، کوتی کوتبووی)، دەگێڕێتەوە و بەر لە چیرۆکی دووەم کۆتایی پێ دێ، بەڵام چیرۆکی دووەم لە لاپەڕەی بیست و بە کورتە ڕستەی: "برۆ بەرەو ئاخر زەمان" دەست پێ دەکا و تەنیا



لە زمانی بگێڕەوەیەک؛ واتە کەریمەوە دەگێڕرێتەوە و لە نیوەڕستەیەک و بیست و پێنج پەڕەگراف، واتە بیست و شەش پاژ و لە جێ جێی دەقی چیرۆکی یەکەمدا بڵاو بووەتەوە و پاش چیرۆکی یەکەم کۆتایی پێ دێ.

ڕووداوەکانی چیرۆکی دووەم کە خۆی بە تەنیا چیرۆکێکی تەواوە، پێوەندی بە کەسایەتی کەریم و بابیزی مریشک فرۆش و سەیدە سوورە و سەللاخ و مانگا و جوانەگاکانەوە هەیە و تەنیا کەریم و بابیز و سەیدە سوورە لە چیرۆکی یەکەمیشدا ئامادەن، کەوابوو بەشێکی کۆمەڵگای چیرۆکی دووەم لە چیرۆکی یەکەمدا لە چاوان نەدیون و لە زمان و گێڕانەوەدا نەگونجێنراون، بەڵام واش نییە کە تەرازی ڕووداو لە چیرۆکی یەکەمدا بەتەواوی پێوەندی بە چیرۆکی دووەمەوە هەبێ، بەڵکو وەک باس کرا، هەردوو چیرۆک، کە بە مەودایەکی نزیک و دوور لەگەڵ یەک دەچنە پێشێ و هەر دووک گێڕانەوەکە سەربەخۆ گەشەدەکەن و دەگەنە خاڵی هەڵچوون و کۆتایی و پەیامی خۆیان بە ئاکام دەگەیەنن.

هەر وەک گوترا، شێوازی گێڕانەوە لەو دوو چیرۆکەدا بە تەواوی لێکدی جیاوازە. لە چیرۆکی یەکەمدا بیست و نۆ کەس بە کردەوە لە ڕۆمانەکەدا ئامادەن و لە کۆی ئەوانیش بیست و حەوت کەسیان لە لایەن نووسەرەوە ئەرکی گێڕانەوەیان پی سپێرراوە و تەنیا دوو کەس، واتە سەیدە سوورە و ئەو پیاوەی لە حەوشەی سینەما بە هیوای دەستدرێژی کردنە سەر کەریم بوو، ئیزنی گێڕانەوەیان پێ نەدراوە. وێدەچێ گێڕانەوەی چیرۆکی یەکەم بینایەک بێت بە بیست و حەوت دەلاقەوە کە گێڕانەوە هەر جارە لە تاکێک بۆ تاکێکی تر دەگوێزرێتەوە. جاری وایە ئەو گێڕانەوەیە لە لایەن یەکەم کەسی تاکەوەیە، وەک کوتم، یان دووەم کەسی تاکی بەردەنگ: کوتت، یان سێیەم کەسی تاکی بزرەوە: کوتی، جاری وایشە نووسەر لە شێوازێکی دیکەی گێڕانەوە کەڵک وەردەگرێ و بە لە پەنا یەک دانانی دوو کردار لە کاتی ڕابوردوودا، هێندەی تر شێوەی گێڕانەوەکە جیاواز دەکا و بە دوو ناونجی، دەقی چیرۆک دەنێرێتە زەینی بەردەنگەوە، وەک: کوتی کوتبووی، کوتی کوتم، کوتت کوتم.

لە چیرۆکی یەکەمدا بیست و حەوت دەلاقەی گێڕانەوە؛ نەک هەر ئەرکی گێڕانەوە و نواندنی ڕووداوەکانی چیرۆکیان لە ئەستۆیە، بەڵکو دەکرێ بڵێین ئامرازێکن بۆ ئەوەی نووسەر بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و نەدیو، بارودۆخی ئەستەم و متمانە پێ نەکراوی دەستەڵاتی زاڵ بخاتە ڕوو و ڕۆڵ و کەسایەتی هەر کام لە کارەکتەرەکانی چیرۆکەکەش لە خولقاندنی ڕاستی ڕووداوەکان وێنا بکا.

نووسەر بۆ نواندنەوە و ڕەسم کردنی کەشوهەوای متمانە پێنەکراو، یەکسەر لە زمانی کارەکتەرەکانەوە قسە دەکا و بە تەواوی ئامادەبوونی خۆی لە چیرۆکەکەدا دەگەیەنێتە پلەی سیفر و هەست بە بوونی خۆی و جێ پێی ناکرێ. جگە لەوەش لە زمانی کارەکتەرەکان کە هەڵبەت ڕووبەڕووی یەک نادوێن و نایەنە زمان، بۆ پێناسەکردن و چێکردنی ڕوحی کەسایەتییەکان کەڵک وەردەگرێ و هەر بەو جۆرەش تاکەکانی دیکە بە بەردەنگ دەناسێنێ.

دیارە لە ئاستێک لە زەماندا، کە نووسەر بۆی نەگونجێ لە دۆخی متمانە پێ نەکراو دەربازبێ، تەناسوخی ئەو لە کلێشەی بیست و حەوت کارەکتەردا، شتێکی سەیر نییە و هەولێکی نە تەنیا سەرکەتوو، بەڵکو نوێ و ناوازەشە.

بە گوتەی تۆدۆرۆف، نووسەر زۆربەی جاران بە دوو شێوە لە ماکەی ئاخافتنی کارەکتەرەکان کەڵک وەردەگرێ. **یەکەم:** ئاخافتنێک کە ڕاستەوخۆ بیر و ئەندێشەی کەسایەتی نووسەر بۆ خوێنەر دەخاتە ڕوو. **دووەم:** ئاخافتنێک کە ناڕاستەوخۆ خوێنەر دەخاتە دۆخێکی وەهاوە کە خۆی بتوانێ مەبەستی بگێڕەوە بەنگێوێ. (تۆدۆرۆف: ١٣٧٩)

نووسەری گابۆڕ لە ڕێگەی گێڕانەوە لە زمانی کارەکتەرەکانەوە، جاری وایە ئەوان وەک کەسایەتی پۆزەتیڤ و بڕوا پێ کراو دەنوێنێ و جاری وایشە کەسایەتییەکان بە تەواوی ناحەز و دژ و متمانە پێ نەکراو دەردەکەون. بۆ وێنە بۆ نواندنی کەسایەتی میرزا هادی کە سیمبۆلی باوکسالارییە لە کۆمەڵگایەکی لاوازدا، دژی مافی ژن و پاراستنی مافی منداڵە، تەنانەت کەسایەتییە بڕوا پێ کراو و ناسراوەکانی ئەدەبی کوردیش دەداتە بەر تیری تەوس و تانە و گاڵتەیان پێ دەکا، لە زمان عەبدولموتەللیبەوە دەڵێ کە بابی بە ڕەفیق و ڕەفیق بازی قەڵسە و بەو ئاواتەوەیە کە بە کلاشینکۆفێکەوە بێتەوە و دایکی لە زیندانی باوکی ڕزگار بکا.

خاڵی دووەمی وتەکەی تۆدۆرۆڤ: واتە ناڕاستەوخۆ تێگەیاندنی خوێنەر لەمەبەستی نووسەر، لە ڕۆمانی گابۆڕدا، جاری وایە یەکجار وردبینانە هەست پێ دەکرێ. هەموو شتەکانی نێو ڕۆمانەکە پەیامێکی تایبەتیان هەیە، تەنانەت دەفتەرچەی قەرزەکانی سولەیمانی کتێبفرۆش یەکێکە لەو شتانەی کە ڕەنگە لە ڕوانینێکی ئاساییدا، شتێکی زێدە گرینگ و خاوەن بایەخ نەبێ، بەڵام نووسەر بۆ نواندنی کەشی ڕەش و متمانە پێ نەکراو و بڤەی جوگرافیای چیرۆک، کە لێوڕێژی سیخوڕی و دووڕووییە، هەرگیز نایە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە زمانی بگێڕەوە کەڵک وەرگرێ، بەڵکو تەنیا یادداشت کردنی ناوی قەرزدارەکان لە دەفتەرچەدا و ترسی عەبدولموتەللیب و کەریم و پەشیمان بوونەوەیان لە کتێب کڕین، بۆ خوێنەر کیفایەتە کە ئاستی متمانەی کۆمەڵایەتی بخوێنێتەوە، پاشان باقی شتەکان هەست پێ بکا، یان بۆ وێنە کاتێک دەیەوێ لە ڕادەی ئامادە بوون و دەست تێوەردانی دەستەڵات لە ئەدەبیات بدوێ، ڕاستەوخۆ هیچ شتێک باس ناکا، بەڵکو تەنیا باسی چەند لاپەڕەی ون بوو لە کتێبی شاعیرێکی ناسراو دەکا کە عەبدولموتەللیب و کەریم بە دوایەوەن و قەتیش ناپرسن بۆ لێ کراوەتەوە.! نووسەری گابۆڕ لێرەدا تەواو مەبەستەکەی تۆدۆرۆڤی ئەنگاوتووە.

### پەروەردەی کەسایەتییەکی جیاواز

نووسەری گابۆڕ بۆ پێکهێنانی ڕواڵەتی کەسایەتییەکی وەک میرزا هادی، لە چەند شێواز کەڵک وەردەگرێ کە بە پێی لۆژیکی گێڕانەوە لە دەقەکەدا، کارێکی گونجاوە. یەکێک لە شێوەکان شێوەی ڕاستەوخۆیە کە بە شێوەی "گوزارشی" ناو دەبرێ، بە جۆرێک کە بگێڕەوە لە بەشی هەشتەمدا، دەقەکە پاوانی کەسایەتی میرزا هادی دەکا و لە زمانی بگێڕەوەی نادیار و ئەسمەری ژنی و عەبدولموتەللیبی کوڕی، ڕوخساری ئەو کەسایەتییە وێنە دەکێشێت و جاری وایشە میرزا هادی بۆ خۆی وەک خودی میرزا هادی قسە دەکا و لایەنە دەروونی و کردارییەکانی خۆی ئاشکرا دەکا.

کەسایەتی میرزا هادی کەسایەتییەکی زۆردار و سیمبۆلی هێزی باوکسالاری نووستوو لە هزری کۆمەڵگادایە، کەس قسە لە قسەیدا ناکا و خێزانەکەی لە ئاستی ئەو هیچ دەستەڵاتێکی نییە، پێی وایە داگیرکردنی ژن هەر ئەو دەیزانێ و ژیانی هاوبەش بە لای ئەوەوە، واتە داگیرکردنی هەست و نەستی ژن و هەموو ماف و ویست و ئاواتەکانی. جگە لەوە میرزا هادی لایەنی لاوازی ئەو شوناسەیە کە عەبدولموتەللیب و کەریم و سولەیمانی کتێبفرۆش هەوڵی بۆ دەدەن و بە ئاواتی وەدی هاتن و بەهێزکردنین. بە لای میرزا هادییەوە خاڵە جەعفەری خاڵی عەبدولموتەللیب، کە هۆگری نووسین و وێژەی کوردی بوو، تاکێکی خوێڕی بووە، تەنانەت کاتێک جنێو بە عەبدولموتەللیب دەدا، بە خاڵە جەعفەری دەشوبهێنێ. ئەو تاکە وەک دەستەڵاتێکی زاڵ و داگیرکەر، لە بچووکترین یەکەی کۆمەڵگادا، واتە بنەماڵە، یەکەم لەمپەری گەشەی شوناس و خواست و ئارەزووی ژن و کوڕەکەیەتی و ئەو دەستەڵاتە زاڵە لە میرزا هادییەوە بگرە تا بەڕێوەبەری فێرگە و شارەوانی و پازگا بەرین دەبێتەوە و کەشوهەوای چیرۆکەکە پڕ دەکا لە دڵەڕاوکێ و ترس.

لە هەندێک شوێنی دەقیشدا، نووسەر لە زمانی ئاقاری دەوروبەرەوە هەوڵ دەدا کەسایەتییەکان بۆ وێنە میرزا هادی بناسێنێ. کاتێک دەیەوێ قورسایی ئەو لە کۆمەڵگادا بنوێنێ، بگێڕەوە دەچێتە فەزای دوکانی میرزا هادییەوە و لە زاری مشتەرییەکانەوە باسی دەکا. بۆ وێنە ئەو دەمەی دەیەوێ بڵێ شێوەی ژیانی چۆن بووە، سەر لە حەسار و وەتاغی میرزا هادی دەدا و کاتێک بە تەمایە ڕوانگە و ڕاوێژ و نیگای ئەو بۆ خەڵک و ژن و منداڵی خەڵک بێنێتە بەر باس، بگێڕەوە دەچێتە کووچە و شەقامەکانی شار و دەڵێی وەک فیلمسازێک ژیانی میرزا هادی دێکۆپاژ دەکا کە دەتوانین بڵێین شێوە گێڕانەوەیەکی "نمایشی"یە.

بەڵام کەسایەتی میرزا هادی جگە لەوە لایەنی تریشی هەیە. ئەو تەنیا کەسایەتییەکە، کە نووسەر ئەرکێکی تایبەتی پێ سپاردووە، ئەویش - جگە لە بەڕێوەبردنی سیناریۆی باوکسالاری لە دەقی ئاکاری ئەو تاکەدا - ڕوانگەی سیزیف ئەندێشی ئەو بۆ مێژوو و ئەدەب و خەباتی نەتەوەکەی خۆی و بێ نرخ کردنی سرووت و شکۆی ئەو مرۆڤانەیە کە بۆ نەتەوەی میرزا هادی دەور دەگێڕن. بە ڕای ئەو، ڕەنگە ئەو بەشە لە نەتەوەکەی ئەو کە لە گابۆڕدا لە کلێشەی هێمن و هەژار و خاڵە جەعفەر

و کــوڕەکــەی خــۆیدا دەردەکــەون، هەمــوو گــیــرۆدەی ئەندێشەیەکی سیزیف ئاسا و پڕوپووچن:

" ئەوە گەڵ و قەمچاغت ئەوەندە خاوێنە کوردایەتیم بۆ بکەی! کوردایەتی! ئای شیرڕڕ. ئەوانەی کردیان حاڵیان زۆر خاوێن بوو!

ئەوجار نووسەر گوێ لەوە ناخەوێنێ کە بۆ میرزا هادی ئاوا بێ بڕوایە، بەڵکو لە جێیەکی دیدا، بە چاوێکی خەسار ناسانەوە دەڕوانێتە میرزا هادی و هۆکاری بارستایی بێ متمانەیی لە زەینی ئەو تاکەدا بەو چەشنە بە دەستەوە دەدا:

"کوڕی شێخەلئیسلام عومرێک وەدوای کوردایەتی کەوت، دیتت چییان بەسەر هێنا؟ چەندە سووکایەتییان پێ کرد؟... هەر ئەو هاوسەنگەر و برادەرە گیانی بە گیانییانەی خۆی هەتا ئیستیفادەی خۆیان لێکرد، لێیان کرد و دوایی شەقێکیان تێ هەڵدا و هەزار ناو و ناتۆرەیان وەدوا خست. کەرەنا و دەهۆڵیان بۆ هەڵگرت و خائین و جاش و خۆفرۆشیان وەپاڵ دا. (هیدایەتی:١٣٩٤)

هۆکاری میرزا هادی چییە کە متمانەی بە ئەدەب و شوناسی نەتەوەی خۆی نییە و لە سیاسەت بێزراوە و گاڵتە بە شێخ و مەلا و بەگ و حزب و خەڵکانی خۆی دەکا و بە دوکانداریان لە قەڵەم دەدا، تەنانەت نێوی کوردیشی بۆ منداڵەکەی دانەناوە؟ کەسایەتی میرزا هادی لە کام مێژووی زامدار و فرەخەسار هەڵکەوتووە کە ئاکامەکەی بووەتە ئەو زەینییەتە؟ هۆی بێ متمانەیی بە شوناس و ئەدەب و خەباتی نەتەوەیی ئەو چییە کە میرزا هادی گاڵتەی پێ دەکا و پێی پێدەکەنێ و نکوڵی لێ دەکا؟

ئەوانە هەموو ئەو پرسیارانەن کە نووسەر، خوێنەری خۆی ناچار دەکا لە مێژوو بپرسێ و بێ گومان ڕووداوەکانی مێژوو ئاڵوگۆڕ و خەسارەکان لە کاتی خۆیاندا هەرگیز نانێژرێن و وەک ڕوحی ئەهریمەن لە هزری تاکەکاندا، درێژە بە ژیانیان دەدەن و لە ئاکار و کرداری نەوەکانی داهاتوودا خۆیا دەبن.

کەوابوو میرزا هادی تەنیا تاکێکی باوکسالاری نەفرەت لێ کراو نییە، ڕوحێکی گیرۆدەی مێژوویەکە ناتوانێ و نەیتوانیوە لە قۆناغە تاریکەکانی مێژوو دەرباز بێ، ملکەچی جەبری مێژوو بووە و بیری گەشەی نەتەوایەتی بۆ هەمیشە ناشتووە، نووسەریش وەک دوایەمین شێوە بۆ ناساندنی کەسایەتی میرزا هادی، لە شانۆ ڕەشەکانی مێژوو کەڵک وەردەگرێ. میرزا هادی تاک نییە، چەند سەدەیە لە مرۆڤ... و چەند سەدەیە لە زام و نەفرەت و بێ متمانەیی.

## گابۆڕ: دەنگی ناڕەزایەتی

ئەدەبی بەرهەڵستکاری، یان ناڕەزایەتی، ئەو بەشە لە ئەدەبیاتە کە لە سەر بناغەی لاواز کردن و پاککردنەوەی ستەم و غەدر لە کۆمەڵگادا دامەزراوە. ڕاستییەکەی ئەو چەشنە لە ئەدەبیات، ئامرازێکە بۆ دەربڕینی دژایەتی لە چوارچێوەی ژانرە ئەدەبییەکانی وەک شیعر و چیرۆک و شانۆ و جاری وایشە شێوازەکانی تری ئەدەبیاتیش دەگرێتەوە. بە دەربڕینێکی دی، ئەدەبی بەرهەڵستکاری ئەو بەشە لە ئەدەبی گەلان دەگرێتەوە کە ڕوحی ڕەخنەگرانە و بەرەنگاری و هێزی بەرگری شاعیر، ڕۆمانووس، چیرۆکنووس و شانۆنامەنووس و...تاد. لەهەمبەر هۆکارە داسەپێنراوەکان، ڕەسم دەکات و ڕوخساری پێدەبەخشێ.

دەستەواژەی ئەدەبی بەرەنگاری، یان ناڕەزایەتی، کە واتای دیکەی وەک ئەدەبی بەرگری و ئەدەبی ژێر زەمینیش وەبیر دێنێتەوە، ڕوخساری کۆمەڵایەتی و تاکەکەسی خەڵکانێک دەنوێنێ کە گیرۆدەی غەدر و بێ عەدالەتی دەستەڵاتن، بەو پێیە ئەرکی ئەو جۆرە ئەدەبە بانگێشتن کردنی خەڵکە بۆ خەبات و خۆڕاگری و نیشاندانی ستەم و تاریکییەکان، کە هەڵبەت لە ئومێد و هیوا بەخشینیش خۆ نابوێرێ و ستایشی سەربەستی و ڕزگاری و خۆشەویستیی نیشتمانیش بە بنەماکانی دیکەی ئەو جۆرە ئەدەبیاتەوە دەلکێ.

دۆخی زاڵ بە سەر هەردوو چیرۆکەکەی گابۆڕدا، لەگەڵ بنەماکانی ئەدەبی بەرهەڵستکاری خاڵی هاوبەشیان هەیە و دەکرێ بگوترێ لە ڕوانگەی ناوەڕۆکەوە بووە، دەبێ لەو بەستێنەدا شی بکرێتەوە و باسی لە سەر بورووژێ.

ناڕەزایەتی دوو تاکی سەرەکی چیرۆکی یەکەم دژ بە یاسای پازگا و قاچاغ بوونی تۆپێنی ئەوان، ئاکامە ئیعترازییەکەی، بە دزینی تۆپی چەکدارەکانی پازگا قەرەبوو دەکرێتەوە و دەردی داگیرکردنی تۆپەکەیان بە پێکانی چەکدارەکان بە تیروکەوانی عەبدولموتەللیب و

کەریم ئۆخژنی دەکەوێتێ. پانتایی نارەزایەتی وردە وردە بەرینتر دەبێتەوە. ئەوجار قوتابی نیمچە جحێڵ لە شوناسی خۆی دەکۆڵێتەوە، لەگەڵ ناوە عەرەبییەکەی خۆی ناکۆک دەبێ، پاشان ئەو ناوە عەرەبییە کە مایەی شەرم و ئەشکەنجەی ڕوحی بوو، دەبێتە سێیەمین هۆکاری نارەزایەتی و تاکی نارازی لەو هەموو جەبرە، لە ئاکامدا، ناوەکەی خۆی لە ناسنامەدا دەسووتێنێ و بوێرانە نارەزایەتی خۆی دەردەبڕێ. بەو جۆرە ڕیتمی گەشەی بەرهەڵستی دەگاتە ئاستێکی دیکە و لە پلەی دواتردا، کە نووسەر دیسان بە سیحری ئاخافتن بە گوتەی خاڵی دووەمی تۆدۆرۆڤ، بە شێوەیەکی نادیار و ناڕاستەوخۆ بەردەنگ لە ئامرازی چوارەمی بەرهەڵستی ئاگادار دەکاتەوە کە ئەویش نووسینی دروشم لەسەر دیوارەکانە. پێویستە بگوترێ شێوازی دەربڕینی نارەزایەتی لە دزینی تۆپی پازگا و گەمەی بە ئانقەستی تیروکەوان کە زۆر ساکارترە، تەریب لەگەڵ دۆزینەوەی شوناسی یاساغ کراوی نەتەوەیی گەورە دەبێ و گەشە دەکا. لە ئاستی پلەی چوارەمدا دەگاتە نارەزایەتی بە پێکهاتەی دەستەڵات و دەوامە پەیدا دەکا. لە ئاکامدا، لە پلەی پێنجەمدا، نووسینی نامەی هەڕەشە بۆ ئەو کەسانەی خۆیان ئامرازی دەستەڵاتی زۆردارن، دەبێتە کەرەستەیەکی شوێن دانەرتر و لەوەش کاریگەرتر، پلەی شەشەم، نووسینی خودی دەقی ئەدەبی نارەزایەتییە کە لە شێوەی شیعر لە لایەن عەبدولموتەللیبەوە دژ بەو دۆخە بەرهەم دێت. شایانی باسە ئەوەیان جوانییەکی چاوەڕوان نەکراو و نوێیە لە ڕۆمانی گابۆڕدا؛ کە خۆی لە هێندێک بواردا دەکرێ بڵێین زۆر تایبەتمەندی ئەو چەشنە ئەدەبەی تێدا دەبینرێ. پلەی حەوتی دەربڕینی نارەزایەتی بڕیاردانە بۆ بەجێهێشتنی ئەو کۆمەڵگا ئەستەم و چەتوونە، بە هیوای دۆزینەوەی ئاسۆیەکی ڕوون کە لەوێدا نارەزایەتی باڵغ دەبێ و پێ دەگات و تاکی نارازی دەگاتە ئەو قەناعەتە کە مل بۆ ئەو هەموو دزێوییە ڕانەکێشێ و خۆی لێ دەرباز بکات، ئەویش بەو هیوایە کە دیسان جوگرافیا و کۆمەڵگا و مرۆڤەکان بستێنێتەوە و ڕزگاریان بکات.

لە چیرۆکی دووەمدا کە پێشتریش کوتمان لە بیست و شەش پاژدا نووسراوتەوە و کامڵ بووە، جوگرافیای هەموو بیست و شەش پاژەکە کوشتارگا و یەک دوو جاریش ئاقاری دەوروبەری کوشتارگایە. ڕووداوی سەرەکیش لە هەموو پاژەکاندا سەربڕینی مانگا، گوێلک و جوانەگاکانە، واتە جگە لە کەریم و بابی و سەیدە سوورە و سەللاخەکان، باقی کەسەکانی چیرۆکی دووەم هەموو مانگا و جوانەگا و گوێلکی زیندوو، یان مردوون کە چۆنیەتی کوشتار و کەوڵ کردنیان لە زمانی کەریمەوە دەگێڕێنەوە، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە نارەزایەتی دەربڕینی تاکەکانی قوربانی لە کوشتارگا، کە هەموو ئەو مانگا و جوانەگا و گوێلکانەن، ڕووداوێکی سامناک و زراو تۆقێن و نوێیە کە بە "گابۆڕ"، واتە بۆڕاندنی بە تێکڕایی ئاژەڵەکانی کوشتارگا، دژ بە کردەوەی سەللاخەکان و سەیدە سوورە دەردەبڕێ و دەبێتە مایەی ترس و دڵەڕاوکێ و سەرسوڕمانی کەریم، کە هەمیشە لە چوون بۆ کوشتارگا و ئاگادار بوون لەو جۆرە کوشتارە نارازییە، واتە کەریم کەسایەتی نارازی هەردوو هەرێمی ڕۆمانەکەیە.

دیارە لێرەدا دەرفەتی ئەوە نییە کە باسی جێگە و پێگەی مانگا لە ئوستوورە و ئەفسانەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا بکەین، بەڵام بە کورتی ئەوە دەڵێین بە لای گەلانی ئاریایی وەک هیندی و ئێرانییەکانەوە، مانگا پێگەیەکی پیرۆزی لە چیرۆکە ئوستوورەییەکاندا بووە، تەنانەت ئەگەر لە ئایینی میتراشدا قوربانی کردنی گا بۆ بینای جیهان لە لایەن میتراوە دەبینرێ، بە پێی وتەی لێکۆڵەرانی بە ئەزموون، باوەڕ وابووە کە خوێنی مانگا فەرحانی و فەروانی دەبەخشێتە زەوین و دەبێتە هۆی ئەفراندنی ئاقارێک بۆ ژیانێکی دروست و بێ کێشە و بە پیت و بەرەکەت، بەڵام لە لایەکی دیکەوە لە ئایینی زەردەشتیدا، بە تەواوی قوربانی کردن و کوشتنی مانگا نەهی لێ کراوە و وەک تاوانێکی گەورە ناوی براوە، تەنانەت لە دەقە شیعرییەکانی ئەدەبی کلاسیک و کەونی فارسیدا، ئەو بابەتە خراوەتە بەر باس و لە چوارچێوەی ئەدەبیشدا تۆمار کراوە. بۆ وێنە فیردەوسی پشت ئەستوور بەو ئایینە لە شانامەدا دژایەتی کوشتنی مانگا دەکات و پێی وایە کوشتن و قوربانی کردنی ئەو ئاژەڵە دەبێتە هۆکاری لەناوچوونی فەرحانی و دوور کەوتنەوەی زانایی:

**نریزید هم خون گاوان ورز**
**که ننگ است در گاو کشتن به مرز**

**ز پیری اگر گاو بیکار شد**
**به چشم خداوند خود خوار شد**
**نباید ز بن کشت گاو زهی**
**که از مرز بیرون شود فرهی (فردوسی: ۱۳۷۸)**

هەر بەو جۆرەش لە چیرۆکی ئوستوورەکانی ڕۆژئاوادا، بۆ وێنە ئوستوورەکانی یۆنان، کاتێک زیووس دەیەوێ خاتوو خودایەکی جوان فریودا، دەچێتە کڵێشەی گایەکەوە، هەروەها مانگا لە چیرۆکە ئایینییەکانی یونانیدا سیمبۆلی هەوری باراناوییە.

پێویستە بڵێین ئێستاش لە بەشی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپادا، پەرستگەکانی ئایینی میترا کە بە پەیکەرەی مانگا ڕازاونەتەوە، هەر ماون و دەبینرێن، کەوابوو چ لە ڕۆژهەڵات و چ لە ڕۆژئاوا ئەو ئاژەڵە پێگەیەکی پیرۆزی هەیە.

لە بیست و شەش مەسلەخ (قوربانگا)ی چیرۆکی دووەمی گابۆڕدا، بۆڕاندنی مانگا و جوانەگا زیندووەکان، دەبێتە تەنیا شێوازی دەربڕینی نارەزایەتی کە لە پاژی چوارەم و پازدەم و بیست و چوارەم و بیست و شەشەمدا، بە تەواوی ئەو کەشە دەبینرێ و دەبیسترێ. جاری وایشە لەگەڵ دەنگی بانگی مزگەوتەکان و چەق و لووری سەگەلی دەوروبەری کوشتارگا تێکەڵ دەبێ و ئەوەش دیسان خاڵی دووەمی ئاخافتنی تۆدۆرۆڤمان وەبیر دێنێتەوە.

لە گابۆڕیشدا سەرنجڕاکێشتر ئەوەیە؛ خەیاڵ و گوتەی کەریم وەک بگێڕەوەی چیرۆکی دووەم لە بەشی چواردەدا، لەگەڵ مانگا ئاوسەکەی وا کوژراوە و بە پرسی مەلا! گۆشتی گوێلکەکەی حەلاڵ دەکرێ، تێکەڵ دەبێ و دەبێتە دیالۆگ و کەڕاگەی مانگای سەربڕاو وڵامی پرسیاری کەریم دەداتەوە و دەڵێ: ماوە و نەمردووە و دەبێتە گابۆڕ، هەروەها لە پاژی بیست و یەکیشدا، کەڕاگەی مانگایەکی تر کە خەریکە بە دەست سەیدە سوورەوە کەوڵ دەکرێ، کەریم تاوانبار دەکا کە داخۆ ئەو هۆکاری مردنی بووە، یان نا؟ دیسان کەریم حاشا دەکات و مانگا دەڵێ ئەگەر وا نییە کەوابوو بوۆڕێنە! واتە دەنگی نارەزایەتی هەڵبڕە، ئەوەش یانی لێک هەڵەنگوتنی خەیاڵاوی مانگا و کەریم و دیالۆگیان ستایلێکی نوێی نارەزایەتییە لە چیرۆکی دووەمدا.

پاش هەموو ئەوانە کە هەرکام دۆخێکی نارەزایەتی لەو بەشەدا دەخەنە بەرچاو، لە پاژی بیست و شەشەمدا، دەتوانین بڵێین لە بەرزترین ئاستدا نارەزایەتی دەبینین، بۆیە دەکرێ بڵێین ئەو بەشە بەشی بلووغی نارەزایەتییە. جوانەگا بە هێز و نارازییەکە لەگەڵ سەیدە سوورە کە ڕاستییەکەی، دەستەڵاتی سەرەکی جوگرافیای کوشتارگایە، تێک بەردەبن. سەیدە سوورە کێردەکەی بە ملی جوانەگای غەزریودا دێنێ و جوانەگاش شاخی لە جەرگ و دڵی ئەو ڕۆدەکا و شەڕی دەستەوئێخەی ئەو دوو تاکە دەست پێ دەکا. لە ئاکامدا؛ سەیدە سوورە بێ سەر و زمان دەکەوێ و جوانەگاش بە سەر و ملی نیوە بڕاوەوە بەرەو دەرگا دێت و دیسان دەبێتەوە گابۆڕ.

جوانەگای نارازی و غەزریو بەرەو دەرگای کوشتارگا دێت و دەرگا دەکرێتەوە. وێدەچێ جوانەگا هەرێمی کوشتارگاکە وەک هەرێمی ژیانی عەبدولموتەللیب ئاوێتەی دەستەڵاتیکی نەخوازراو و پڕ لە هێمای دژە ژیانە، بەجێ بێڵێ. خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە وێڕای جوانەگا، بگێڕەوەش، واتە کەریم دەبۆڕێنێ و دەرگا دەکاتەوە. کەریم و جوانەگا، یان جوانەگا، یان کەریم، یان ڕەنگە ڕوحی گێڕانەوە دەرگای کوشتارگای سەیدە سوورە دەکاتەوە و بەدەم بۆڕاندن و ئیعترازەوە دەرباز دەبێت.


**سەرچاوە:**
**- الیادە، میرضا (۱۳۹٤) تاریخ ادیان، ترجمە جلال ستاری، تهران: سروش**
**- تودوروف، تزوتان (۱۳۷۹) بوطیقای ساختارگرا، ترجمە محمد نبوی، تهران: نشر اگە**
**- فردوسی، ابوالقاسم (۱۳۷۸) شاهنامە فردوسی، تهران: هرمس**
**- کوندرا، میلان (۱۳۹٤) هنر رمان، ترجمە دکتر پرویز همایون پور، تهران: نشر قگره**
**- هیدایەتی، سەید قادر (۱۳۹٤) گابۆڕ، سەقز: گوتار**


*

**موتەللیب، بگێڕەوە، دوو کچ کە ئۆدکلۆنی کوبرایان لێ داوە، ئاغای محەممەدی، ئاغای سەرچەشمە، میرزا هادی، بایز، کەریم، دوو جیرانی کووچەی سینەما، کاک سولەیمان، گەوهەر، ڕێبوار، ڕەسووڵ، ئازاد، مەئمووری شارەداری، ڕێبواری نێوپژیوانی شەڕی منداڵەکان لە کووچە، ئەسمەر، کەسێکی ناو پازگا، مەلای گەرەک، کاک ئەحمەدی حەساری، پیاوی بانەیی، نازدار، نەنە عەجەم، ، فەرماندە. تەنیا دوو کەس کە بە کردەوە لە چیرۆکی یەکەمدا هەن، بەڵام بە دەنگ نا، ئەو موعەلیمەی بە جێگای ئاغای عەلیزادە دەهات، ئەو سەیدە سوورە و کابرای حەساری سینەمان.**